# زانكۆی سة لاحة دین- هەولێر

## كۆلێژی ئـــــــــاداب

## بەشی شوێنەوار

## قۆناغی سێیەمی ئیسلامی

**وانەی یەكەم**

# شارستانیەتی ئەیوبییەكان




**مامۆستای بابەت**

**نەریمان خانە رحیم**

**nariman.rahim@su.edu.krd**


**2022/2021**

## ناوەڕۆک


1- ئەیوبییەکان کێن

2- چۆنێتی هاتنی ئەیوبییەکان بۆ عێراق:

3- لە دایکبوونی (سەلاحەددینی ئەیوبی) (٥٣٢ ک)

4- قۆناغەکانی ڕزگارکردنی مصر لە دەستی فاطمییەکان

# ئەیوبییەکان کێن:

بە ڕەچەلەک کوردن لە گوندی (دوین) لە ئەرمینیاوە هاتوون، کە دەکاتە ئەوپەڕی سنووری ئازەربایجان، هەندێک لە مێژوونووسە عەرەبەکان و بیابانییەکان چەند بیروڕایەکی چەوتیان هەیە لەسەر ئەیوبییەکان، کە وا دەڵێن بە ڕەچەلەک عەرەبن، هەندێکی تریش دەڵێن بە ڕەچەلەک فارسن، بەڵام ئەم بیر و بۆچوونانە دوورن لە ڕاستی؛ چونکە لە کتێبە سەرچاوەییە ئەصلییە مێژوویە ڕەسەنەکانەوە وەرگیراون، کە ئەیوبییەکان بە ڕەچەلەک کوردن، و لە کاتی هاتنیان لە ئەرمینیاوە لە شاری تکریت نیشتەجێ بوون.

## چۆنێتی هاتنی ئەیوبییەکان بۆ عێراق:

شادی باپیری سەلاحەددینی ئەیوبی لە گوندی دوین دەژیا، کە یەکێک بوو لە پیاوە گەورەکانی ئەو ناوچەیە و سەر بە هۆزی (ڕەوادییەکان) بوو، بەڵام لە دوای دروستبوونی چەند کێشەیەک لەنێوان شادی و هەندێک لە کاربەدەست و دانیشتوانی ناوچەکە، بڕیاریدا خۆی و خانەوادەکەی بەرەو وڵاتی عێراق بێت. هەر لەو کاتەدا عەباسییەکان پێشوازیان لێ کردن و ئەوانیش لە لە ناو قەڵای شاری تکریت نیشتەجێ بوون. دوایی نیشتەجێبوونیان بە ماوەیەکی کەم، سەلجوقییەکان بڕیاریاندا کەوا (شادی) بکەنە بەرپرسی بەشێک لە بەشەکانی شاری تکریت. بەڵام دوای چەند مانگێک (شادی) کۆچی دوایی کرد. ئەیوبییەکانیش بڕیاریاندا بە دانانی (نجم الدين الايوبی) کوڕی گەورەی شادی، کە باوکی سەلاحەددینی ئەیوبییە و هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن، ناوی خانەوادەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی (نجم الدين)ی باوکی (سەلاحەدینی ئەیووبی) و (شێرکۆ)ش، کە دەکاتە مامی سەلاحەددینی ئەیووبی، یەکێک بوو لە سەرکردە بە تواناکانی ئەیوبییەکان، ئەویش بەردەوام لەگەڵ (نجم الدينی الايوبی) برای دا بوو. پاش مانەوەی ئەیوبییەکان بە چەند ساڵێک لە شاری تکریت، چەند هۆکارێک وای لێ کردن شاری تکریت بە جێ بهێڵن و بەرە و شاری موصل بڕۆن لەوانەش:

**هۆکاری یەکەم:** دروستبوونی چەند کێشەییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوان یەکێک لە سەرکردەکانی شاری تکریت لەگەل شێرکۆی مامی سەلاحەددین، لە ئەنجامدا ئەو گرفت و تۆمەتانەی بە پاڵییەوە نرابوو قبووڵی نەکرد، ئەو سەرکردەیەی کە کێشەی لەگەڵی هەبوو کوشتی، لە پاش ئەم ڕووداوە سەلجوقییەکان و عەباسییەکان ڕقیان لە بنەماڵەی ئەیوبییەکان هەستا.

هۆکاری دووەم: لەو کاتەی عەباسییەکان لە شاری بەغدا بوون و (ئەتابەکییەکان) لە شاری موصل بوون بە سەرکردایەتی (عماد الدین الزنگی) لە (٥٢١-٥٤١ک) فەرمانڕەوای دەوڵەتی (ئەتابەکی) کرد، کە ئەیوبییەکان دەکەوتنە نێوان، شاری موصل و بەغدا، کە (تکریت) بوو. لەو کاتەدا (عماد الدین الزنکی)، بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر شاری بەغداد لەساڵی (٥٢٦ک). لە شاری موصلەوە بەرێکەوت؛ بەڵام لەم هێرشەیدا شکستی هێنا، بۆیە لەشکرەکەی بە شکستخواردوویی گەڕایەوە، لە کاتی گەڕانەوەی بە شاری تکریتدا، (نجم الدین الایوبی)، کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شاری تکریت، پێشوازی لە (عماد الدین) کرد، چونکە ئەوان لە شکست خواردنەوە گەڕانەوە و پێویستیان بە یارمەتی هەبوو. دوای ماوەیەکی کورت عمادالدین و لەشکرەکەی، کە مانەوە گەڕانەوە بۆ موصل، خەلیفەی عەباسی بڕیاری دا، کە ئەیوبییەکان لە شاری تکریت دەربکات، چونکە پێشوازی و یارمەتی دوژمنی عەباسییەکانیان دابوو و ئەیوبییەکانیش بڕیاریاندا شاری تکریت بەجێبهێڵن، بۆیە بەناچاری شاری تکریتیان بە جیهێشت.

## لە دایکبوونی (سەلاحەددینی ئەیوبی) (٥٣٢ ک):

لەو شەوەی بڕیاریاندا شاری تکریت بەجێ بهێڵن، لە ناو قەڵای شاری تکریتدا سەلاحەدینی ئەیوبی لە دایکبوو. دواتر بەرێکەوتن بەرەو شاری موصل، لە کاتی گەیشتنیان بە شاری موصل (عمادالدین الزنگی) بڕیاریدا بە پێشوازی کردنێکی گەرم لە خانەوادەی ئەیوبییەکان و ڕاستەوخۆ چەند پلەیەکی بەرزی پێی دا ؟ لەبەرئەوەی لە دوای شکست هێنانی عیمادالدین لە هێرشەکەی بۆ سەر بەغدا ئەیوبییەکان یارمەتییەکی زۆریاندا، ئەمەش بووە هۆکاری دەرکردنی ئەیوبییەکان لە شاری تکریت و (عمادالدین)یش ئەو ڕۆژەی بیرنەچوو بوویەوە و بۆیە بڕیاریدا بەرامبەر ئەو چاکەیە وەڵامیان بداتەوە، و دەشیزانی نەجمەدین و شێرکۆ سەرکردەی بەهێز و بە توانان، بۆیە لە دوای ماوەیەکی زۆر کەم هەردووکیانی کردە سەرکردەی هێزەکانی ئەتابکی بۆ ڕزگار کردنی وڵاتانی شام، بە تایبەتی سوریا، چونکە دەیزانی دەتوانێت بە یارمەتی ئەوان ئەو ناوچانە ڕزگار بکات. بەڵام لە ساڵی (٥٤١ ک) (عماد الدین الزنگی) شەهید کرا، لە دوای ئەو دەوڵەتی ئەتابکی بوو بە دوو بەش ئەمەش لە ئەنجامی ئەو کێشە و گرفتانەی، کە لە نێوان کورەکانی دروستبوو لەسەر گرتنە دەستی دەسەڵات.

**دەڵەتی ئەتابکی بووە دوو بەش:** بەشی یەکەم: ئەتابکی موصل بە سەرکردایەتی (صیف الدین غازی کوری عماد الدین) وبەشی دووەم: ئەتابەکی حەلەب بە سەرکردایەتی (نورالدین کوری عیماد الدین الزنگی) بوو.

هەر لەوکاتەدا کێشەیەک دروستبوو لە نێوان نجم الدین و شیرکۆی برای، بۆیە نجم الدین بریاریدا بچێتە شاری دیمەشق، کە لەو کاتەدا بنەماڵەی بۆهییەکان فەرمانڕەوایی دیمەشقیان دەکرد. شێرۆکۆش لە حەلەب مایەوە، و پاشان شێرکۆ و نوورەدین بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر شاری دیمەشق، هەندێک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن ئەم دوو برایە ڕووبەڕووی یەکتر نەبوونەوە و نجم الدین شاری دیمەشقی تەسلیم بە شێرکۆ و نورالدین کرد، و دەیانویست دەسەڵاتی سەلیبییەکان بڕوخێنن و هەروەها فاطمییەکان لە شاری میسر، کە دەسەڵاتیان بەهێزبوو، نورالدین هێرشی دەکردە سەر فاطمییەکان، هەردوولا شەریان دەکرد لەسەر دژایەتی کردنی مەزهەب، بۆیە نورالدین بریاریدا هەوڵ بدات بۆ رزگار کردنی شاری مصر لە دەست فاطمییەکان و ئەم هەوڵانەش بە سێ قۆناغی گەورەدا تێپەری.

## قۆناغەکانی ڕزگارکردنی مصر لە دەستی فاطمییەکان بەفەرماندەی نورالدین و بە سەرکردایەتی شێرکۆ کە هەوڵی بۆ دا بریتییە لەسێ قۆناغ:

قۆناغی یەکەم: لە ساڵی (٥٥٩ ک) قۆناغی یەکەم بۆ سەر میصر بە سەرکدایەتی شێرکۆ، کە سلاح الدین ئەیوبیشی لەگەڵدا بوو کە تەمەنی (٢٧) ساڵ بوو، فاطمییەکان لە ئیدارەی وڵاتدا پەیرەوی **خەلیفە** و **وەزیر**یان دەکرد، کە وەزیر کاروباری دەبرد بەرێوە، بۆیە ناکۆکی لە ناو خەلافەتی فاطمییەکان دروستبوو لە نێوان هەردوو وەزیر (ضرغام و شاور) بۆ بەدەست هێنانی سەرۆک وەزیران، لەو کاتەدا ضرغام توانی پۆستی سەرۆک وەزیریی بەدەست بهێنێت و (شاور) لە شاری مصر دەربکات و (شاور)یش ناچاربوو بەرەو دیمەشق بەرێ بکەوێت و بچێتە لای نجم الدین، چونکە دەیزانی نورالدین و شێرکۆ توانای ئەوەیان هەبوو بۆ هێرشکردن بۆ سەر میصر و ضرغام لادەن و (شاور) پۆستەکەی بۆ بگەڕێننەوە، نورالدین لەوکاتەدا بریاریدا بۆ هێرشکردنە سەر میصر و بریاریدا بە رێگای ئوردنەوە راستەوخۆ بچێتە ولاتی میصر، بە سەرکردایەتی شێرکۆ لە ئەنجامدا توانی بەشێکی زۆری وڵاتی میصر رزگار بکات. شێرکۆ لە ماوەیەکی کەمدا ضرغام لابرد و کوشتنی و (شاور)ی گەڕاندەوە سەر کورسی دەسەڵات ، پاشان شاور خیانەتی کرد لە هێزی شێرکۆ و داوای هاوکاری لە سەلیبییەکان کرد بۆ دەرکردنی شێرکۆ لە میصر، بۆیە

به یارمەتی سەلیبییەکان توانیان نورالدین و شێرکۆ لە میصر دەربکەن، لەوکاتەدا نورالدین بیری لەوە دەرکردەوە شەرکردن لەگەل ئەو دوو دەوڵەتەدا ئاسان نییە، بۆیە داوای هاوپەیمانی کرد لەگەڵ سەلیبییەکاندا یاخود ئاگربەست لەگەل سەلیبییەکاندا، و لە ئەنجامی ئەو ڕێککەوتنەش، هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هێزەکانی شێرکۆ و سەلیبییەکان وڵاتی میصر بەجێ بهێڵن و شاور بە تەنها بمێنێتەوە، نورالدین و شێرکۆ بگەڕێنەوە بۆ دیمەشق و سەلیبییەکانیش بۆ شوێنی خۆیان، چونکە مانەوەی کەسێکی شیعی مسوڵمان لە میصر باشترە وەک لەوەی سەلیبییەکان لە وڵاتی میصر بمێننەوە، ئەمە قۆناغی یەکەمی هێرش کردن بوو بۆ سەر میصر. بەڵام تەماحی نورالدین و شێرکۆ هەر بەردەوام بوو بۆ هێرشکردنە سەر میصر.

قۆناغی دووەم: قۆناغی دووەمی هێرش کردنە سەر میصر لە ساڵی (٥٦٢ ک) بوو لەو قۆناغەدا نورالدین و شێرکۆ، کە بە لەشکرێکی زۆر زۆر گەورەترەوە خۆیان ئامادە کرد بۆ هێرشکردنە سەر میصر بۆ ئەو هێرشکردنەش هەروەکو ئەوەی پێشوو هەر بە سەرکردایەتی کردنی شێرکۆ بوو ڕاستەوخۆ دەستیان پێکرد، لە شاری دیمەشقەوە بەڕێکەوتن بە ڕێگای ئوردن بۆ شاری میصر بەر لەوەی بگەنە شاری قاهیرە شەڕێک ڕوویدا، کە پێی دەوترێت (معرکە البابین) لەو شەڕە گەورەیەدا شێرکۆ توانی بە سەر فاطمییەکاندا سەربکەوێت و بەشێکی زۆری وڵاتی میصر ئازاد بکەن، فاطمییەکان کاتێک شکستیان هێنا بەرە و ئەسکەندەرییە بەرێکەوتنەوە شێرکۆ بە فێڵەکەیانی زانیوە و شێرکۆ خۆی بۆ قاهیرە چوو و سەلاحەدینی نارد بە شوێن ئەواندا، سەلاحەددین و لەشکرەکەی شارەزا نەبوون و (شاور) زۆر شارەزا بوو ، فێڵی کرد و توانی سەلاحەددین و هێزەکەی گەمارۆ بدەن، هەرچەندە سەلاحەدیین لەو گەمارۆیەدا ئازارێکی زۆری چەشت، بەڵام زیرەکی و ئازایەتی سەلاحەددین لەو شەڕەدا دەرکەوت، کە توانی لەو گەمارۆیەدا خۆی و لەشکرەکەی ڕزگار بکات، بۆ لای مامی بگەڕێتەوە، لەسەر داوای شاور دووبارە سەلیبییەکان گەیشتنەوە میصر بۆ یارمەتیدانی (شاور) ئەو یارمەتییە زۆرەی سەلیبییەکانیش نورالدینی ناچارکرد جارێکی تر پەیمان نامە لەگەڵ سەلیبییەکاندا ببەستێت و هەردوولا وڵاتی میصر بەجێ بهێڵنەوە. فاطمییەکان میصر وسودان و چەندی شاری تریان بە دەستەوە بوو، و دەیانتوانی برۆنە شارێکی تر، و سەلیبییەکان ڕازیبوون، چونکە وڵاتی میصر بەشێکی زۆری لە ژێر دەستی شێرکۆ بوو.

قۆناغی سێیەم: لەساڵی (٥٦٤ ک) بوو، ئەم قۆناغە بە گەورەترین و سەرکەوتوو ترین قۆناغ دادەنرێت، کە سێ بارە نورالدین بڕیاریدا بە هێرشکردن بۆسەر میصر بە سەرکردایەتی شێرکۆ، ئەمجارە شێرکۆ توانی بە تەواوەتی هەموو وڵاتی میصر ئازاد بکات و (شاور)ی بەدیل گرت و کوشتی و بە تەواوەتی کۆنترۆلی وڵاتی میصری کرد. بەڵام دەسەڵاتی فاطمییەکان بە تەواوەتی نەرووخا، چونکە خەلیفە (العاضد) مابوو و لە شوێنی خۆی و بە ناوی فاطمییەکان مایەوە و دوای ڕێککەوتن لە نێوان نورالدین و خەلیفە بڕیاردرا شێرکۆ بکرێتە سەرۆک وەزیر لەوڵاتی میصر و هەموو دەسەڵاتی گرتە دەست، بەڵام شێرکۆ لەبەر ئەوەی تەمەنی گەورە بوو پاش (٢) مانگ لە وەرگرتنی پۆستەکەی کۆچی دوایی کرد، سەلاحەدین لەو کاتەدا تەمەنی (٣٢) ساڵ بوو، خەلیفە (عاضد) ، کە لەو کاتەدا زۆر نەخۆش بوو داوای کرد سەلاحەدین بکرێتە سەرۆک وەزیری وڵاتی میصر، لەبەرئەوەی سەلاحەددین تەمەنی بچووکە و ئەزمونی کەمە، وای دەزانی کەوا ناتوانێت وڵات ببات بەڕێوەو تووشی گرفتی ئابووری و سیاسی و ئیداری دەبێت، بەڵام بە هۆی ئازایەتی و لێهاتوی و زیرەکی سەلاحەددین کەوا توانی بیسەلمێنێت کە سەرکردەیە. ئەگەر خەلیفە سەلاحەددینی هەڵنەبژاردایە ئەوا نورالدین هەر ئەوی دادەنا، بەڵام خەلیفەی فاطمی لەو بڕیاردانە زەرەرێکی زۆر گەورەی کرد، چونکە سەلاحەدین بەسەر هەموو ئەو شتانەدا زاڵ بوو، کە خەلیفەی فاطمی وای دانابوو، کە سەرکەوتوو نەبێت لە پۆستی سەرۆک وەزیران، بۆیە سەلاحەددین لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی ئیدارەیەکی زۆر بەهێز دابنێت، لە هەمان کاتدا خەلیفەی گەیاندە نزمترین ئاستی دەسەڵات،دەستەڵاتی تەنها لەناو ماڵەکەی خۆیدابوو، نەشی کوشت بۆ ئەوەی زەلیلی بکات، سەلاحەدین گرنگیدا بە دانانی لەشکرێکی گەورە و فاطمییەکان دەسەڵاتیان بەهیچ شێوەیەک نەما، لە ساڵی (٥٦٤-٥٦٧ ک)، سەلاحەددین ئەیوبی بە وەزیر لە دەوڵەتی فاطمی فەرمانڕەوایی کرد و هەموو ئەو شتانەی کە دەیویست لە ناو پۆستەکەی بەدی دەهێنا وەک دروستکردنی لەشکرێکی بەهێز و دروسکردنی قەڵا. بەرلە مردنی خەلیفە، سەلاحەدین هێزەکەی نمایش کرد (عرض) لە ناو گۆڕەپانێکدا (ساحە)دا بە چەکی نوێی ئەو سەردەمە و دەوڵەتی ئەیووبی ڕاگەیاند، بڕیاریدا خەلیفە لە رۆژی هەینی باس نەکرێت، ئەو نمایشەش ناونرا (شۆڕشی سپی) چونکە توانی دەوڵەتێکی زلهێزی وەک فاطمییەکان بروخێنن و دەوڵەتی ئەیووبی لەو کاتەدا دابمەزرێنێ، بەڵام دوایی (٣) ڕۆژ لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی خەلیفە عاضد مرد، (دار الخلافە)ی تێکدرا و دەوڵەتی فاطمی ڕوخا و سەلاحەددین لە سەرۆک وەزیراندا مایەوە.

سوپاس بۆ بەشداریکردن و گوێڕاگرتنتان